رۆماننووسی بەریتانیا خاتوو زادی سمیس:

# هیواخوازبووم ببمە سەماکەر، یان ئەکتەر بەڵام خامە ئەفسوونی خۆی هەیە

و: موکەڕەم رەشید تاڵەبانی



خاتوو زادی سمیس

ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ رۆماننووسی بەریتانی خاتوو زادی سمیس لە لایەن گۆڤاری (بۆڵدتایپ)ەوە ئەنجام دراوە، دوای ئەوەی یەکەمین رۆمانی بەناونیشانی (ددانە سپییەکان) کەوتە بەر دەستی خوێنەران، پاش ئەوەیش رۆمانی (٢٠٠٠)ی بڵاوکردەوە، کە شاکارێکە رەخنەگران ستایشیان کردووە بەوەی کە رەتکردنەوەیەکی واقیعیانەی ئەفسانەی مێژووی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایە، بەهۆیەوە نووسەر باری لێکترازانی کەلتووری هەنووکەی کۆمەڵی هاوچەرخی بەریتانیا بەرجەستە دەکات، هەروەها رۆماننووس رۆمانێکی دیکەی نووسیوەو دەزگای چاپەمەنی راندۆم بەناونیشانی (دەستنووسفرۆش)ەوە بڵاوی کردووەتەوە، تێیدا هەمان بابەتی وروژاندووە، بەڵام پتر بایەخ بەکێشەی کۆچبەران و پەنابەران و

پێوەندی بەکێشەی ناکۆکی ئەتنییەوە دەدات. ئەم کیژە ڕۆماننووسە لە ساڵی ١٩٧٦دا لە لەندەن لە دایکبووە، باوکی بەریتانی و دایکی خەڵکی جامایکایە. لەزانکۆی کامبریج وێژەی ئینگلیزی خوێندووەو دوای تەواوکردنی زانکۆ یەکسەر دەستی بەنووسین کردووە.

ئێمەیش ئەم چاوپێکەوتنەمان لەسایتی اراک ستۆرییەوە وەرگرتووەو بەکوردی دەیخەینە بەردەستی خوێنەران.

*** سەرەتات لەگەڵ (ددانە سپییەکان)دا چۆن بوو، ئایا لە قۆناغی زانکۆدا چۆنیەتی نووسین و داهێنانت خوێندووە، بۆ نموونە چیرۆکت نووسیوە؟**

– بەنووسینی کورت چیرۆک دەستم پێکرد، بەڵام چوارچێوەی ئەو نووسینە تا دەهات فرەوانتر دەبووەوە، ئەوەیش کارێکی ئاسایی بوو، بەڵام چیرۆکە کورتەکانم زۆرجار بیست لاپەڕە دەخایەنن، کە ئەویش بۆ کورتە چیرۆک قەوارەیەکی نائاساییە، تۆ دەبێت یان بەچەند وشەی کورت کورتی بکەینەوە، وەک بۆ نموونە ڕیمۆند کارفەر وا دەکات، یان واز لە نووسینی دەهێنیت. لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکەکەت بەدرێژبوونەوەی ئەوە دەگەیەنێت کە دەگاتە ئاستی کورتە ڕۆمان کە من بەخۆم ئارەزووم لەو جۆرە نییە، بەوشێوەیە هەر کە لاپەڕەکانی گەیشتنە هەشتا لاپەڕە لە ئاکامی هاندانی ئەم و ئەوەوە بڕیارم دا درێژەی پێبدەم.

کە چوومە زانکۆ تا وێژەی ئینگلیزی بخوێنم، نووسین و داهێنانم نەخوێند. بەگشتی من لەوانەم پرسی ئەوەم هەیە بچم ئەو چوارچێوەیانە بخوێنم، چونکە زۆربەی گرووپەکان ئەوانەی دەنووسن ئەو کارە لەپێناوی یارمەتیدانی ئەو کەسانەدا دەکەن کە بڕوایان وایە نووسین شتێکە دەکرێت وەک چارەسەر وەربگیرێت، بەڵام بەلای منەوە شتەکە بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەوەیە.

باشترین شێواز بەلای منەوە مەشقکردنە لەسەر نووسین لە چوارچێوەی خوێندنەوەی بەرهەمی کەسانی دیکەوە. ئەگەرچی سێ ساڵم لە خوێندنی زانکۆدا بەسەربردو سێ بەرهەمی چیرۆکم نووسی، بەلام هەرچییەکم چنگ کەوت خوێندمەوە، لەڕاستیشدا ڕۆمانی ددانە سپییەکان بەرهەمی ئەو خوێندنەوەیەیە. کە لە جۆرە سەرلەنوێ ڕاهێنانێکی ئەم لایەنە جوانەی خوێندنمە کە بەبواری هونەرە ئازادەکانم داوە، بەگشتی لێکۆڵینەوەی وێژەی ئینگلیزی لەسەر ئەوەت رادەهێنێت ببیتە ئەندامێکی ناکارانەی ئەم جیهانە نوێخوازییە، لەڕاستیشدا من لە قۆناغی زووی تەمەنمدا بەشێوەیەکی بەردەوام چیرۆکم نەنووسیوە. تەنیا شتی کەم و کەم بایەخم نووسیوە. لەنێوان تەمەنی پێنج ساڵی و پازدە ساڵیدا حەزم دەکرد ببمە ئەکتەرێکی سینەمایی و میوزیکی. دەستم بەراهێنانی سەماکردن کردو دە ساڵ بەردەوام بووم، لەکاتێکدا بۆم دەرکەوت کە لەڕاستیدا مۆسیقای ئەوتۆ نەماوە، ئەوکات هیوام دەخواست لەگەڵ (ئارسەر فرێد یان جین کیلی یان فنسنت مانیلی)دا کاربکەم، ئەو کارەیش کردەنی بوو بەهۆی فاکتەری مێژوویی و جوگرافییەوە، کەچی وردە وردە خامە دەستەڵاتی خۆی سەپاند.

*** کێ یەکەمین کەس بوو تەماشای ئەم ڕۆمانەی کرد؟**

– ئەوەی نووسیبووم بۆ برادەرو دۆستانم خوێندەوە، لە ژینگەیەکی وەک زانکۆی (کامبریج)دا مرۆڤ بەکەسانی دەوروبەری بەختەوەر دەبێت ئەوانەی کە سەر دەنێنە سەری و گاڵتەی لەگەڵ دەکەن، بۆیە شتێکی دژوار نەبوو ڕەخنەی بنیاتنەرانە وەدەست بهێنم، بەگشتی من حەزم لە پێداچوونەوەو چارەسەرکردنی دەقەکانی خۆم دەکەم و، نزیکەی پێنج هاوەڵم هەن کە بۆ پەرەپێدانی

کارەکانم پێویستم پێیان دەبێت، سەبارەت بەپرسیاری... کەی و لە کوێ دەنووسم؟ من لە ژوورێکی بچووکدا دەنووسم تیشکی سروشتی تێدا نییە، سەبارەت بەکاتیش هیچ خشتەیەکی دیاریکراوم نییە... هەر کاتێک بێت، ئێواران باشترین کاتە، بەگشتی من پابەندی سیستەم نابم، بەڵام لە کاتی هورووژمهێنانی بیرۆکەی تەواودا بۆ ماوەی پێنج تا نۆ سەعات کاردەکەم، ئەگەر وایش نەبوو، ئەوە بەختەوەر دەبم ئەگەر تەنیا بۆ دوو سەعاتیش بووە نەک پتر کاربکەم. لەڕاستیشدا شتێک نییە وەک ڕۆماننووسێکی تازە دەستپێکردوو شادومانت نەکات، کە یەکێک بێت و بڵێت فلانە کەس سەعات چواری بەیانی هەڵدەستێت و ئەو ڕۆژەی بەڕاکردن و وەرزشکاری لەگەڵ سەگەکەیدا دەستپێدەکات پاش سێ لیتر قاوە فڕدەکات و دواتر ڕۆژانە دەست بەنووسینی سێ هەزار وشە دەکات، یان ئەو گێلە دوو هەفتە جارێک نیوسەعات کاردەکات و دەنووسێت و، پێش و پاش ئەو کاتەی کە بۆی هەڵدەکەوێت داهێنانی تێدا بکات سەرقاڵی وەرزشکاری سەیرو سەمەرە دەبێت. بیرمە ڕۆژێکیان ئەم جۆرە وڕێنەیەم خوێندەوە تارادەیەک وام هەستکرد کە من نووسین نازانم.

*** چ شێوازێکت لە لێکۆڵینەوەکەی خۆتدا سەبارەت بەلایەنی مێژوویی ڕۆمان بەکارهێناوە؟**

– هەمان ئەو شێوازەی کە لێکۆڵەر پێڕەوی دەکات چ ئەگەر مەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا یان هەر شتێکی دیکە بێت، کتێبخانەکان و ئینتەرنێت و فیلمە سینەماییەکان و ئەو چیرۆکانەی هەندێکجار کەسانی دیکە دەیانگێڕنەوە، بەڵام کاراترین شێواز کە بمێنێتەوە هەر کتێبە کتێب، کتێب، پاشان کتێب. بەپێی زانیاری من ئەو ئەگەر بتەوێت زانیاری لەسەر شتێک پەیدا بکەیت پێوەندی بەڕەگوریشەی ئەو یاخیبوونەوە بێت کە سەربازەکانی هیندستان ئەنجامیان دا دەبێت لە ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی جۆرە کتێبگەلێکدا بۆی بگەڕێت.

ئەو کەسانەی لەسەردەمێکی مێژوویدا ژیاون بەدەگمەن زانیاریت لەبارەی شتێکەوە پێدەڵێن لەو دەمەدا لە بایەخ و سەرنجی ئەوانەوە دوور بووبێت، هاوەڵێکم هەیە داپیرەی لە ساڵی ۱۹۰۲ لەدایکبووە، ئەگەرچی ئەو تەمەندرێژەشی بەسەر بردووە کەچی بەڕاستی ئافرەتێکی زیرەکە، بەڵام ئەگەر بۆ نموونە پرسیارێکی لە بارەی یەکەمین جەنگی جیهانییەوە ئاراستە بکەیت ئەوە باسی ئەو ئافرەتە دراوسێیەیەت بۆ دەگێڕێتەوە کە بەڕاستی کەپیانوویەکی باش بوو چێشتی خۆشی لێدەنا.

*** ئایا تۆ تەنیا کیژێت لەناو خێزانەکەتاندا کە دەنووسیت؟ یان هی دیکە هەن وەک تۆ ڕۆمان بنووسن؟**

– نا جگە لە من کەسی دیکەمان نییە ڕۆمان بنووسێت، دوو برام هەیە کە ڕەنگە شۆڕشێک لەبواری شێوەکاری و مۆسیقای میللیدا بەرپا بکەن، وێڕای دوو زڕبرا کە لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدان، هەرچۆنێک بێت من زۆر لە برا بچووکەکانمەوە نزیکم، بەلای منەوەیش خێزانەکەم هەموو شتێکە، بۆیە هەرتاکێک لە ئەندامەکانی خێزانەکەم بەشێوەیەکی روون لە (ددانە سپییەکان)دا بەتایبەتی دەرنەکەوتووە، بەتایبەتی کەسایەتییەکانی لەباری نەگونجان و دڕندەییدان بەرانبەر بەیەکدی بەپێچەوانەی ئەندامانی خێزانەکەوە کە هێورو ئاشتیخوازن.

**سەرچاوە:**

سایتی (iraqstory) لە تۆڕی ئینتەرنێت.